# بۆچی عێراق پارەی نەوتەکەی ڕاستەوخۆ بۆ ناگەڕێتەوە؟

26-03-2026

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** عێراق داهاتەکەی دەڕواتە بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرک، نەوەک کۆی یەدەگی پارەکەی. دواکەوتنی 2-3 مانگی هاتنەوەی پارەی نەوتی عێراق هێندەی پەیوەستە بەو میکانیزمەی سۆمۆوە بۆ فرۆشتنی نەوت، هێندە پەیوەندی بەو ڕێکار و میکانیزمانەی بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرکەوە بۆ دۆلاری نەوت نییە.

عێراق داهاتەکەی دەڕواتە بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرک، نەوەک کۆی یەدەگی پارەکەی. دواکەوتنی 2-3 مانگی هاتنەوەی پارەی نەوتی عێراق هێندەی پەیوەستە بەو میکانیزمەی سۆمۆوە بۆ فرۆشتنی نەوت، هێندە پەیوەندی بەو ڕێکار و میکانیزمانەی بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرکەوە بۆ دۆلاری نەوت نییە.

ڕۆژی 23ی ئاداری 2026 فوئاد حوسێن، وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق لە وەڵامی ئەو پرسیارەی عێراق کە کەی پارەی نەوتی مانگانە بۆ دێتەوە؟ گوتی "ئەمڕۆ دەیفرۆشێت، دوای دوو-سێ مانگ پارەکەی دێت"، بەڵام ئەم دواکەوتنەی داهاتی عێراق پەیوەستە بە پرۆسەی فرۆشتنی نەوتەوە لەلایەن کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق "سۆمۆ"وە تاوەکو ئەو هەژمارانەی عێراق لە بانکەکەی نیویۆرک هەیەتی، چونکە ئەو ڕۆژەی کەشتییەکە نەوتی عێراق باردەکات، سۆمۆ 30 تاوەکو 60 ڕۆژی داوەتە کڕیارەکان بۆ پێدانی پارەی نەوتی بارکراو بە دۆلار.

هەربۆیەش بڕی ئەو پارەیەی عێراق تاوەکو کۆتایی شوباتی 2026 لە بانکەکەی نیویۆرکدا بووە نزیکەی 2 ملیار دۆلارە، لەکاتێکدا داهاتی مانگانەی نەوتی لەنێوان 6 بۆ 8 ملیار دۆلارە و یەدەگی دراوی بیانی 97.6 ملیار دۆلارە.

لەراستیدا، مەترسیی سزادانی ئابووریی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە هێندەی پەیوەستە بە دابڕینی لە سیستمی ئابووریی جیهان، هێندە مەترسی نییە لەسەر داهاتی نەوت و یەدەگەکەی، چونکە لە 2016وە یەدەگی دراوی بیانی عێراق هەمەچەشنبوونی گەورەی بەخۆوە بینیوە.

بەپێی دوایین داتاکانی بانکی ناوەندیی عێراق، ڕێژەی یەدەگی دراوی بیانیی عێراق (دۆلار و قەواڵە داراییەکان و زێڕ) لە بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرک ناگاتە 34٪، واتە ڕێژەی 64٪ی یەدەگی دراوی بیانیی عێراق لە دەرەوەی بانکەکانی ئەمریکایە و لە فەرەنسا، چین و بەریتانیایە، لەکاتێکدا دەیەک پێشتر لەم بانکانە سفر بووە.

پەیوەندیی بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرک و بانکی ناوەندی و وەزارەتی دارایی عێراق ئاڵۆزە و هەژماری جیاواز لەخۆدەگرێ، لەو کاتەی کڕیاری نەوت دۆلارەکە دەداتە بانکەکەی نیویۆرک تاوەکو ئەو کاتەی وەزارەتی دارایی بە دینار لە بانکی ناوەندی وەردەگرێت بۆ خەرجییەکان چەند هەژمارێکی جیاواز لەخۆدەگرێ.

## یەک داهات و چەند هەژمارێک؛ میکانیزمی هاتنەوەی پارەی داهاتی نەوت بۆ عێراق

عێراق داهاتی نەوتەکەی دەگوازێتەوە بۆ هەژمارێک لە بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرک (FRBNY) بە ناونیشانی هەژماری وەرگرتنی داهاتەکانی نەوت (ORRA) کە لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراق و وەزارەتی داراییەوە بەڕێوە دەبرێ. دواتر داهاتی نەوتی بەدەستهاتوو لە هەمان بانک دەخرێتە سەر هەژمارێکی دیکە بە ناوی Iraq2 و بانکی ناوەندیی عێراق بەڕێوەی دەبات، پاشان بۆ هەژمارە دۆلارییەکەی وەزارەتی دارایی لەناو بانکی ناوەندیی عێراق، ئینجا وەزارەتی دارایی دۆلار دەیفرۆشیت بە بانکی ناوەندی و دینار وەردەگرێت، کە دەتوانین بڵێین ئەمە هەژماری داهاتی نەوتی عێراقە و خەرجییەکانی لێوە دابین دەکرێت.

ئەم دوو هەژمارەی عێراق لە بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرک (FRBNY) جێگرەوەی هەژمارەکەی پێشووی عێراقی گرتەوە کە بەپێی بڕیارنامەی 1483ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای هێرشی ئەمریکا لە ساڵی 2003 دروستکرابوو بە ناوی سندوقی گەشەپێدانی عێراق (DFI).

دوو دەیە پێش ئێستا بڕیارەکەی ئەمریکا بۆ پاراستنی عێراق بوو لەو هەموو قەرزە کەڵەکەبووەی دەسەڵاتی پێشوو کە وەزارەتی دارایی ئاماژە بە 130 ملیار دۆلار دەکات، بەڵام لە 2011وە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم بڕیارەی هەڵوەشاندەوە و سەروەریی یاسایی و کارگێڕیی سامانی بەدەستهاتووی نەوتی عێراق بۆ وڵاتەکە گەڕاندەوە، بەڵام هێشتا ئەمریکا بەردەوامە لەوەی کەوا کۆنترۆڵی کۆتایی لە داهاتی بەدەستهاتووی نەوتی عێراق لای خۆی بێت، کە دوایین نوێکردنەوە لە 2024دا بوو لەلایەن جۆ بایدن، سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکاوە.

خاڵێکی دیکەی پەیوەست بەم میکانیزمەی هەژماری دارایی عێراق لە بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرک، پەیوەستە بە پرۆسەی وردبینیی داهات و خەرجییەکانەوە، کە هەر مامەڵەیەکی دارایی بە دۆلار بە پرۆسەیەکی وردبینیی توندا تێدەپەڕێت لەلایەن (FRBNY)وە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی پارەی بەدەستهاتوو، چ وەک داهات یان خەرجی، بە یاساکانی دژە سپیکردنەوەی پارە (AML) تێپەڕن و پرۆتۆکۆڵەکانی سزاکان پێشێل نەکەن کە لەلایەن ئەمریکاوە دانراون. هەربۆیەش لە 2024دا لە دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێکی "وۆڵ ستریت جۆرناڵ" لەبارەی ڕۆشتنی پارەی داهاتی نەوتی عێراق بۆ گرووپە چەکدار، کۆنگرێسی ئەمریکا هاتە سەر خەت و داوایان لە بانکی

فیدراڵیی نیویۆرک کرد روونکردنەوە لەو بارەیەوە بدات.

**خشتەی ١: نەختینەی بەردەست و کاشی بانکی ناوەندیی عێراق / ملیۆن دۆلار**

| لایەنەکان / ساڵ | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بانکی فەرەنسا | 460 | 466 | 505 | 2,428 | 4,708 | 4,645 | 8,650 | 10,684 | 10,276 |
| بانکی ئینگلتەرا | 0.01 | 0.15 | 0.03 | 574 | 154 | 1.29 | 2,412 | 2,352 | 3,319 |
| بانکی یەدەگی فیدراڵی نیویۆرک - دانراوەکانی کاتی | 2,865 | 3,064 | 2,500 | 2,102 | 1,357 | - | 6,024 | 4,686 | 1,892 |
| بانکی فیدراڵی نیویۆرک - هەژماری جاری | 1.94 | 1.91 | 1.01 | 7.54 | 69.72 | 3,675 | 2.34 | 2.12 | 2.08 |
| بانکی گەلی چین | - | - | 0.31 | 0.09 | 0.41 | 0.26 | 0.34 | 8.65 | 10.49 |
| بانکە ناوەندییەکانی دیکە* | 932 | 993 | 911 | 463 | 625 | 1.44 | 1.3 | 3.17 | 5.95 |
| بانکە نێودەوڵەتییەکان و دامەزراوە داراییەکان | 11,241 | 11,192 | 12,632 | 14,079 | 18,294 | 18,843 | 22,771 | 29,647 | 23,873 |
| نەختینەی بەردەست /پارەی کاش (گەنجینەی بانکی ناوەندی) | 1,790 | 1,335 | 1,887 | 894 | 3,760 | 2,092 | 1,296 | 249 | 1,609 |
| **کۆی گشتی (ملیار دۆلار)** | **17** | **17** | **18** | **21** | **29** | **29** | **41** | **48** | **41** |
| ڕێژەی بانکی فیدراڵی نیویۆرک ٪ بۆ کۆی یەدەگی عێراق** | 17% | 18% | 14% | 10% | 5% | 13% | 15% | 10% | 5% |

سەرچاوە: بانکی ناوەندیی عێراق، (EY)، .(MEES)و تاوەکو ئێستا داتای ٢٠٢٥ بڵاونەکراوەتەوە.

*بانکەکانی وەک ئوستراليا، ئیمارات، هۆڵەندا و ئیتاڵیا** .ڕێژەی بڕی ئەو پارەیە لە بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرک نەوەکو کۆی ئەو پارەیەی وەک قەواڵە داراییەکان و زێڕ عێراق لە ئەمریکا هەیەتی.

بانکەکانی وەک ئوستراليا، ئیمارات، هۆڵەندا و ئیتاڵیا. ڕێژەی بڕی ئەو پارەیە لە بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرک نەوەکو کۆی ئەو پارەیەی وەک قەواڵە داراییەکان و زێڕ عێراق لە ئەمریکا هەیەتی.

## بانکی فیدراڵیی نیویۆرک لە ئەمریکا؛ داهاتی مانگانە یان یەدەگی پارەی عێراقی لایە؟

کۆی یەدەگی عێراق بە دراوی بیانی تاوەکو شوباتی 2026، 97.6 ملیار دۆلارە، بەڵام بەپێی داتاکانی بانکی ناوەندیی عێراق (CBI) تاوەکو شوباتی 2026 بڕی پارەی عێراق لە هەژمارەکەی بانکی یەدەگی فیدراڵیی ئەمریکا بە دۆلار 1.5 ملیار دۆلار و 0.7 تریلیۆن دینارە (بەنزیکەی 0.5 ملیار دۆلار)ە، واتە کۆی ئەو پارەیەی لەو هەژمارەدایە و هی عێراقە، 2 ملیار دۆلار، د. ئەحمەد تەبقچەلی، لێکۆڵینڤانی باڵا لە ئەنجومەنی ئەتڵەنتیک.

د. ئەحمەد تەبقچەلی، دەڵێت ئەگەر وا دابنێین بانکی (FRBNY) پارێزەری (Custodian) هەموو ئەو کاش، سەنەدات و پسوڵانەی گەنجینەی ئەمریکایە (US T-Bills and T-Bonds) کە لای بانکی ناوەندییە (20٪ی کۆی یەدەگەکان). هەروەها یەدەگی زێڕ (14٪ی داراییەکان) لەژێر چاودێری و پاراستنی FRB دایە، ئەوا کۆی ئەو پشکانەی یەدەگی عێراق کەوا پەیوەستن بە ئەمریکاوە دەگاتە نزیکەی 36٪، واتە ڕێژەی 64٪ی یەدەگی دراوی بیانیی عێراق و زێڕەکەی لە دەرەوەی ئەمریکایە و لە بانکەکانی دیکەی وڵاتانی وەک فەڕەنسا و بەریتانیا، ئوستراليا، ئیمارات و هۆڵەند دایە.

هەروەها د. نەبیل مەرسومی، شارەزای ئابووری و نەوت، ئاماژە بەوە دەکات کە لە ڕووی دەسەڵاتی باڵاوە یاخود کۆنترۆڵی یەدەگی دراوی بیانیی عێراقەوە دەتوانین بڵێین "عێراق خاوەندارێتیی یاسایی هەیە، بەڵام بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرک (FRBNY) کۆنترۆڵی کارگێڕیی (Operational Control) لەدەستە". ئەمەش بۆ داهاتی نەوت زیاتر تاوەکو یەدەگی دراوی بیانی عێراق.

عێراق لەم ساڵانەی دواییدا یەدەگی دراوە بیانییەکەی هەمەچەشن کردووە، بۆ نموونە بانکی فەڕەنسا و ئینگلتەرا لەگەڵ بانکی گەلی چین بوونەتە بەشیکی گەورە لەکۆی یەدەگی دراوی بیانی عێراق.


یەدەگی عێراق لە بانکی فەڕەنسا دەگاتە 10.2 ملیار دۆلار و بانکی ئینگلتەراش 3.3 ملیار دۆلار و بانکی گەلی چین 10.49 ملیار دۆلار، لەکاتێکدا دەیەک پێش ئێستا ئەم بانکانە هیچ یەدەگێکی دراوی بیانی عێراقیان لانەبووە. بەمشێوەیەش بێت ئەم سێ وڵاتە نزیکەی یەک لەسەر چواری یەدەگی دراوی بیانی عێراقیان لایە.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ رووپێوی ئابووری (MEES)، ڕێژەیەکی کەمی یەدەگی بانکی ناوەندیی عێراق لای بانکەکەی نیویۆرکە وەک کاش، بەڵام بڕی ئەو پارەیەی وەک قەواڵەی دارایی و یەدەگی زێڕە زۆرە، ئەگەر کۆی یەدەگی دراوی بیانی عێراق 100 ملیار دۆلار بێت ئەوا 36 ملیار دۆلاری لەم بانکە دایە.

بەرزبوونەوە و دابەزینی یەدەگی دراوی بیانیی عێراق سەرچاوەکەی داهاتی نەوت و گۆڕانکاری لە نرخی زێڕ تاوەکو ئەوەی ساڵانە عێراق پارەی کۆکردبێتەوە. بۆ نموونە لە 2022دا کاتێک نرخی نەوت بەرزبووەوە، یەدەگەکەشی لە 69 ملیارەوە بەرزبووەوە بۆ 108 ملیار دۆلار. ئێستاش تاوەکو کۆتایی 2025 کەمبووەتەوە بۆ 97 ملیار دۆلار.

هەروەها، زیادبوونی یەدەگی زێڕ و بەرزبوونەوەی بەهاکەی بەرێژەی 55٪ وایکرد عێراق بهێنێتە پلەی چوارەم لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و بڕەکەی بگاتە 170 تۆن لە 2025دا .

**گرافیک ١: جۆری یەدەگەکانی عێراق لە دراوی بیانی 2016 بۆ 2025**




سەرچاوە: گۆڤاری میس ژمارە 5/69، ساڵی 2025، داتای بانکی ناوەندی تاوەکو حوزەیرانی 2025.

داهاتی عێراق بە نەوتە و نەوتیش بە دۆلار مامەڵەی پێوە دەکرێت و سەرۆکەکانی ئەمریکا تاوەکو ئێستا سەروەریی کارگێڕیی بۆ داهاتی نەوت (نەوەکو یەدەگی پارەی عێراق) نەگەڕاندووەتەوە و بڕیارەکەیان بۆ پارێزگاری لە داهاتی نەوتی بەدەستهاتوو
هەڵنەوەشاندووەتەوە، دەتوانین بڵێین عێراق مافی یاسایی و بانکەکەی نیویۆرک زیاتر دەسەڵاتی کارگێڕیی بۆ پارەی عێراق هەیە.

لەکۆتاییدا، سیستەمی ئابووریی عێراق لەژێر رەحمەتی ئەمریکادایە، بەڵام درەنگکەوتنی مانگێک بۆ سێ مانگی داهاتی نەوت، پەیوەندیی بە رێکارەکانی فرۆشتنی نەوتەوە هەیە لەلایەن سۆمۆوە تاوەکو بانکی فیدراڵیی یەدەگی نیویۆرک.